عێراق زیاتر لە حەوسەد خێزانی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان گێڕاندەوە

ڕوانگەی مافی مرۆڤی سوریا بڵاویکردەوە، حکومەتی عێراق 700 کەسی دیکەی لە خێزان و منداڵەکانی چەکدارانی داعش لە کامپی هەڵەوە بە وڵاتەکەی گێڕاندووەتەوە.

عەلی عەباس، وتەبێژی وەزارەتی کەچ و کێچبەرانی عێراق ڕایگەیاند، نزیکەی 700 هاوڵاتی عێراقییان لە کامپی هەڵە لە سوریا گێڕاندووەتەوە کە زەربەیان ژن و منداڵن و کەسوکاری چەکدارانی ڕێکخراوی داعش و گرووپە توندڕەوەکانن.

لە نوێترین هەوڵی حکومەتی عێراق بە گەڕانەوە ئەو خێزان و پەنابەرانەی کە لە دوای ڕوخانی داعشەوە لە کامپی هەل جێگیر کراون، ڕۆژی یەکشەممەی ئەم هەفتەیە 714 هاوڵاتی عێراقی کامپەکەیان بەرەو عێراق جێهێشتووە و گەڕێنراونەتەوە.

ڕێکخراوەکە ئاشکرایکردووە، کاتێک ئەو خێزانە عێراقییانە دەگەڕێنرێنەوە بە ماوەی چەند هەفتەیەک لە کامپی جدعە لە نزیک شاری موسڵ دەهێرێنرێنەوە، بە ڕاهێنانی دەروونی و دووبارە هەوڵی تێکەڵکردنەوەیان بە خەڵک و کەسوکاریان، لە مانگی ئازاری ڕابردووشدا نزیکەی 160 خێزانی دیکەی عێراقی کامپەکەیان بەرەو عێراق جیهێشت.